# هۆگربوونی دەروونی بە باوانەوە و پەیوەندی بە پێنج فاکتەری گەورەی کەسایەتی لای خوێندکارانی قۆناخی ئامادەیی لەشاری کۆیە

بەهرە شفيق اسماعيل[1]   پ.ی.د. جوان نوری رسول[2]

1&2 بەشی پەروەردە و دەرونزانی،فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە،کۆیە، کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ، بریتیە لە زانینی پەیوەندی ئاستی هۆگربوونی دەروونی بە باوانەوە وپێنج فاکتەری گەورەی کەسایەتی و زانینی جیاوازی نێوانیان بە پێ ی گۆڕاوەکانی (رەگەز ، پسپۆڕی خوێندن ،هەبوونی دایك –باوك ،ئاستی خوێندەواری باوان )، توێژەر میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهێناوە ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی پێکهاتوە لە خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی، توێژەر پێوانەی (هۆگربوونی دەرونی بە باوان) ئامادەکردوە ، وە پێوانەی پێنج فاکتەری گەورەی کەسایەتی وەرگرتووەوبەکارهێناوە ، دوای دەرهێنانی ڕاستگۆیی و جێگیری پێوانەکە جێبەجێ کرا ، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی هۆگربوونی دەرونی بە باوانیان هەیە بە ئاستی بەرز، بۆ پێنج فاکتەری کەسایەتی توێژەر بۆ هەر فاکتەرێك بە جیا ئەنجامەکانی دەرهێنا و لە ئەنجامەکە دەرکەوت کە هەموو فاکتەرەکانی (سادەیی ، کرانەوە لەسەر شارەزایی ، ڕووخۆشی ،ووژدان زیندویی )بە ئاستێکی بەرزە لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی ، جگە لە فاکتەری (دەماری ) نەبێت کە بە ئاستێکی مامناوەند دەرکەوت . هەروەها بە مەبەستی زانینی پەیوەندی نێوان هۆگربوونی دەروونی بە باوانەوە و پێنج فاکتەری گەورەیی کەسایەتی دوای کۆکردنەوەی داتاکان، دەرکەوت بەهای پەیوەندی پێرسۆن لەنێوان هۆگربوونی دەروونی بە باوان وپێنج فاکتەری گەورەی کەسایەتی،هەریەك لەم فاکتەرانە لەگەڵ هۆگربوونی دەرونی بە باوان،پەیوەندیەکی ئەرێێ ی بەرزو بەڵگەداری ئاماری هەیە.

**کلیلەکانی توێژینەوە :** هۆگربوونی دەروونی بە باوان، پێنج فاکتەری گەورەی کەسایەتی

## 1. پێشەکی

بەدڵنیاییەوە دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ کەسانی تر شتێکی گرنگە بۆئەوەی ژیان بکەین و فێربێت و کارلێك بکات و هەست بە خۆشەویستی کەسانی تر بکات، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ئاڵوگۆڕکراوەکان لەگەڵ کەسانی تر زۆر شێوە دەگرنە خۆیان، بەڵام زۆرینەی ئەو شێوانە بریتیین لە چروپڕ و چێژوەرگرتن، هەندێك جار ئەوەی زیاتر گونجاتر دەبێت بریتییە لە پەیوەندی کارلێك لەگەڵ دایباب و خێزان و هاوڕێیان،لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵانەوە تاکەکان لەگەڵ یەکتر پەیوەندی دەبەستن، ئەم پەیوەندییە ویژدانییەش بە (هۆگر بوون) ناودەبرێت.

خێزان لە هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی ناوکی یەکەمی سیستەمە کۆمەڵایەتیەکانە ، هەروەها ناونیشانی دەرخستنی بارودۆخ و سروشت و هەڵسوکەوتی تاکەکانیەتی، کۆمەڵگاکان قەبارەیان هەرچەندێك بێت، لەتاکەوە دەست پێدەکەن، ئەو تاکەی کە بەبێ خێزان بوونی نییە، خێزان سەنەد و کۆڵەگەی کۆمەڵگایە، هەر لەسەر باشی و چاکی کۆمەڵگەوە بنیاد دەندرێت، بەوەی کە لەهۆگری یەکەمی ، ئەو جیهانە بچووکەیە کە منداڵان تیایدا چاویان دەکەنەوە، هەروەها هەستەکانیان تێیدا گەشە دەکات و ئامادەباشییان دروست دەبێت کە بەهۆیەوە تواناکانییان دروست دەکات.

بێگومان خێزان و لەپێش هەمووشیانەوە دایك رۆڵێکی گەورە و گرنگی هەیە لە دروستکردنی کەسایەتی منداڵ، ئەگەر ژینگەی ناو خێزان خۆشەویستی و سۆز و گەرمی تێدابێت ئەوا یارمەتی دروستکردنی پەیوەندی هۆگری ئارام دەدات لەنێوان

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4، العدد 1 (2023)
أُستلم البحث في 26 أغسطس 2022؛ قُبل في 22 أكتوبر 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 27 مايو 2023
البريد الإلكتروني للمؤلف: bahrashafiq@gmail.com
حقوق الطبع والنشر © 2023 بەهرە، جوان. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

منداڵ و کەسوکاری کە یارمەتی دانانی تۆوی یەکەمی گونجان و دروستی دەروونی دەدات، خوێنەری توێژینەوە بڵاوکراوەکانی بورای هۆگری (Attachment) ئەوە دەبینێت کە ئەو بیرۆکەی پاڵپشتی گرنگی هۆگر بوونی سۆزداری و کۆمەڵایەتی دەکات بیرۆکەیەکی پەسەندە لە دەرونزانیدا.

لێرەوە ئەم توێژینەوەیە وەك هەوڵێکە بۆ بەدەرخستن و ناسینی ئەوەی تاچەند پەیوەندی لەنێوان هۆگر بوون و تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی منداڵان دا هەیە بەتایبەتی هەرزەکاران، سەرەڕای ئەوەی توێژەر درکی بەوە کردووە کە ئەستەمە هۆگر بوونی منداڵ و باوان بۆ یەك هۆکار یان یەك دیاردە بگەڕێندرێتەوە، بەڵام ئەوەی پێشبینی دەکرێت کە کاریگەری باوان (دایباب )،(بەتایبەت دایك) لە گرنگترین ئەو هۆکارانەیە کە پەیوەندیدارە بە شێوازی ئەو هۆگر بوونەی لە نێوانیان دا هەیە، وەك چۆن توێژینەوەکانی پێشوو ئاماژەیان پێدا ئەمەش هەمان شتە کە توێژەر لەم توێژینەوەیە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی جۆری کەسایەتی دەیخاتە بەر چاو.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

به دڵنیاییەوە ئەنجام دانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە زانستییەکان یەکێکە لە پێویستییەکانی کۆمەڵگەیەی مرۆیی، هەروەها یەکێکە لە نیشانەی شارستانیەتی وپێوەری پێشکەوتنی کۆمەڵگە، یەکێك لە پێوانەی کە کۆمەڵگاکان پێشکەوتوون بریتییە لەوەی تاچەند دەوڵەت خەرجی بۆ بواری توێژینەوە و لێکۆڵینەوە زانستییەکان تەرخان دەکات، لەگەڵ ڕێژەی پەسەندکردنی ئەو لێکۆڵینەوانە جا لە بوارە سروشتییەکان بن یاخود لەبوارە مرۆڤایەتییەکان هەروەها ناساندنیان و ئاراستەکردنییان بەشێوەیەکی دروست لە خزمەتی مرۆڤایەتی و پەروەردەیدا.

(بولبی) زانایەکی ئینگلیزە لەساڵی (1907) لە لەندەن لە دایك بوە پزیشك و شیکاری دەروونی بوە ، خاوەنی بیردۆزی (هۆگربوونە) وە لە ساڵی (1990) کۆچی دوایی کردوە ،(بولبی) بیر لە گرنگی پەیوەندی منداڵ بەدایکییەوە دەکات لەلایەنی گەشەی کۆمەڵایەتیی و سۆزداری و مەعریفی بەتایبەت بیروبۆچوونەکانی دەربارەی پەیوەندی زوو جیابوونەوەی منداڵی ساوا لە دایك دەکات ،هەروەها ناتەواوی خۆگونجاندن ( شڵەژانەکانی خۆگونجاندن) کە بەهۆی ئەم جیابونەوەیە دروست دەبن، ئەم بۆچوونەش وای لە (بولبی) کرد کە بیردۆزی هۆگر بوونی تایبەت بەخۆی دابڕێژێت، لەبەرئەوەی هۆگر بوون لەوانەیە ببێتە خۆگونجاندن و هەڵی مانەوەی منداڵی ساوا دەدات لە ژیان دا.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەیە کە لە پەیوەندی هۆگربوونی دایباب بە شێوازی وجۆری کەسایەتی لە قۆناغێکی گرنگ و ناسکی قۆناغەکانی گەشەی دەروونی وکۆمەڵایەتی تاك دەکۆڵێتەوە، کە ئەویش قۆناغی هەرزەکارییە کە (ئەریکسۆن) بە قۆناغی دروستکردنی ناسنامەی دادەنێت کە تیایدا تاك هەوڵی دیاریکردنی ئامانجەکانی لەژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سۆزدارییەکانی بە کەسانی ترەوە دەدات، بەڵام هەرزەکاری هەندێك جار لەوانەیە شڵەژان و ناهاوسەنگی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵ بێت، لەگەڵ جۆرێك لە دوودڵی و نەگونجانیش ( العتوم، وعلاونە، والجراح، وأبو غزال، 2005، 17).

گرنگی گەورەی ڕەوشتی هۆگربوون دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دیاردەیەکی ورووژێنەرە، لەگەڵ، کاریگەری دایباب زیاد دەکات لە پرۆسەی جێگیرکردنی کۆمەڵایەتی منداڵ لە قۆناغەکانی دواتردا، ئەو منداڵەی کە هۆگربوونی بەدایبابیەوە لەلا گەشەکردووە هەوڵی گرنگیدان بەدەستهێنانی سۆزی دایبابی دەدات، لەگەڵ باشببون لەگەڵیان بەهۆی هەڵبژاردنی ئەو جۆرە ڕەوشتە کۆمەڵایەتییانەی کە ویستراون، زیاتر لەو منداڵەی کە شکستی هێناوە لە گەشەپێدانی ئەم جۆرە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە لەگەڵ کەسانی کامڵ لە ژینگەکەیدا (یاسین، 13،2016).

نموونەی پێنج فاکتەر(هۆکار)ە گەروەکە لەسەر پۆلێنکردنی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی بنیاتنراوە بەشێوەیەك کە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی لەکەمترین ژمارەی هۆکارەکان کۆ دەکاتەوە، بەشێوەیەك کە ئێستا بۆ زانایانی دەروونناسی کەسایەتی ڕوونبووەتەوە کە زۆرینەی تایبەتمەندییەکان دەتواندرێت بەهۆی نموونەی پێنج هۆکارەکە وەسف بکرێن، کە ئامانجی دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتییە کە بە ئامادەسازییەك دادەندرێت تایبەتمەندە بە نەگۆڕی و جێگیری، هەروەها یارمەتی تاکەکان دەدات بۆ پێکهێنانی ژیانییان لە قۆناغی کامڵ بوون دا (بن عتو،خدومە، شاوی،2020،، 113).

**ئامانجەکانی توێژینەوە :**

1- زانینی ئاستی هۆگربوونی دەروونی (بە باوانەوە ) لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە شاری کۆیە بە شێوەیەکی گشتی ،

2- زانینی ئاستی پێنج فاکتەری کەسایەتی لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی بە شێوەیەکی گشتی.

3- دۆزینەوەی هاوکۆلکەی پەوەندی لە نێوان هۆگربوونی دەروونی بە باوان و پێنج فاکتەری گەورەیی کەسایەتی .

**سنووری توێژینەوە :**

سنوری ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە :

❖ سنوری بابەتی : ئاستی هۆگربوونی دەروونی بە باوانەوە و پەیوەندی بە پێنج فاکتەرە گەورەکەی کەسایەتی (دەماری ، سادەیی ، کرانەوەلەسەر شارەزایی ،ڕووخۆشی ، ووژدان زیندویی).

❖ سنوری مرۆیی: خوێندکارانی قۆناخی ئامادەیی پۆلی (12) بە هەردوو پسپۆڕی (زانستی – وێژەیی ) و هەردوو ڕەگەزی ( نێر- مێ ) حوکومی لە خوێندنی بەیانیان بۆ ساڵی (2021-2022)ز

**پێناسەکردنی زاراوەکان :**

**دیاریکردنی زاراوەکانی هۆگربوون:**

➢ **وەك (بن راشد 2018) پێناسەی هۆگر بوونی کردووە دەڵێت:**

بریتییە لە سۆزێکی بەهێزی ئاڵوگۆڕکراو لەنێوان منداڵ و پێشکەشکاری چاودێری، کە ویستی هەردووکیان بۆ پاراستنی نزیکی نێوانیان دەردەخات ( بن راشد، 130،2018).

➢ **(Bowlby,1999,336) پێناسەی هۆگربوونی کردوە بە وەی کە بریتییە** لە پێکبەستەیەکی کارلێکی بەهێز کە تاك لەگەڵ پێشکەشکاری بنەڕەتی چاودێری دروستی دەکات و دواتر دەبێت بنەمایەك بۆ پەیوەندییەکانی خۆشەویستی لەداهاتوودا و کاریگەری لەسەر ڕەوشت دەبێت بەشێوەیەك کە ئەژمار ناکرێت ( عبد الجواد، 2016، 361).

➢ **هەروەها فرۆید پێناسەی هۆگربوونی کردووە بەوەی:**

➢ بریتییە لە بنەمای پەیوەندیداربوونی منداڵ بە دایکییەوە و رازیکردنی پێویستییەکانی دەمییەتی و هەر ئەویش بنەمای پاڵنەری لاوەکییە بۆ مەیلی کەسەکە بەرامبەر کەسانی دیکە، وای دەبینێت کە رازیکردنی خێرای برسیەتی منداڵ وای لێدەکات کە هەست بە سۆز و خۆشەویستی کەسانی تر بکات بۆی، ئەم هەستەش

بەهەمان ئەوکەسەشەوە دەبەسترێتەوە کە خۆراکی پێدەدات ( الساعدی، 2015، 536).

**پێناسەی زاراوەی پێنج فاکتەری کەسایەتی کەسایەتی:**

**نموونە (مۆدێلی)ی پێنج فاکتەرە گەورەکە :(Big five factors model)**

نموونەیەکە لە گرنگترین ئەو نموونانی کە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی ڕوونکردووەتەوە، بە چوارچێوەیەکی مەرجەعی بەهێز دادەندرێت کە بەهۆیەوە دەتواندرێت ئەو بنەمایەی کە جیاوازی تاکایەتی لەسەر دروست دەکرێت لە دووریبەکانی کەسایەتی ڕوون بکرێنەوە، ئەم نموونەیەشە لە پێنج هۆکاری سەرەکی پێك دێن (الانصاری،1997، 284,).

**پێناسەی پێنج فاکتەرە گەورەکە لە کەسایەتی:**

دجمان و کۆستا بەوە پێناسەیان کردووە کە بریتییە لە پۆلێنکردنی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی بەگوێرەی پێنج لایەنی فراوان، ئەمانیش پێنج گەورەکەن لە دەمارگیری و سادەیی و کرانەوەلەسەر شارەزایی، و ڕووخۆشی و زیندوویی ویژدان( رسول، 2015، 13).

- توێژەر لە پێناسەکردنی پێنج فاکتەرەکەو و شێوەکانی هەر فاکتەرێك پشت دەبەستێت بە پێناسەکانی (علی، 2011، 14) کە لەژێر ڕۆشنایی پێناسەکانی "کۆستا و ماککرا" ی ساڵی (1992 )لە ڕێبەری تایبەت بە لیستی پاککراوەی کەسایەتی-NEO-PI) (Rدیاری کراون.

✓ **پێناسەی ڕێکاری :**

بریتیە لەو نمرەی کە خوێندکاران دوای وەڵامدانەوەیان لە سەر بڕگەکانی هەردوو پێوانەی ( هۆگربوونی دەروونی بە باوان ) و (پێنج فاکتەری گەورەی کەسایەتی) بەدەستی دەهێنێت ،کە توێژەر لەم توێژینەوەیە بەکاری دەهێنێت.

**چوار چێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو :**

**هۆگربوون:**

چەمکی هۆگربوون یان پەیوەست بوون بە شێوەیەکی دووبارە کراو بەکاردێت لەلایەن پسپۆڕان و توێژەران لەبواری تەندروستی دەروونی و زانستی دەروونی گەشەکردنی منداڵ بەڵام ئەم چەمکە هەندێک جیاوازی ئاسانی دروست کردووە لەو بوارە جیاوازانەدا،و چەمکی هۆگربوون ئاماژە دەکات لەگەشەکردنی منداڵ بۆ پەیوەندی تایبەت کە جیادەکرێتەوە خەسڵەتی تایبەت کە چەند تایبەتمەندی جیاواز هەیە لە نێوان منداڵ و پێشکەشکردنی چاودێری(عایدی،2008،ص 32).

و هەروەها چەمکی پەیوەست بوون یان هۆگر بوون لە بواری تەندروستی دەروونی بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بۆ توانای گشتی لەسەرپێکهێنانی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر بەڵام ئەگەر هاتوو گەڕاینەوە بۆ ڕاستی زمانەوانی وشەکە ئەوا ئەو مانایەمان پیشان ئەدات کە مەبەستمانە ،لە ڕاستیدا هۆگر بوون لە ڕووی زمانەوە لە بڕگەی (علق) هاتووە کە دەڵێ پێوەی( پابەندبوو) یان (پەیوەست بوو)و وەک بڵێی مەبەست خۆشەویستی یە لە دڵی کەسی خۆشەویست،هەتاکو وای لێ دێ کە لێی جیا نەبێتەوە کە لە (قاموس) مانای پێك بەستنەوەو پەیوەندی دێت(عایدی،2018،ص13).

چەندین هۆکار هەن کە کاریگەریان لەسەر پاشکۆی هۆگربوون هەیە کە گرنگترینیان بریتین لە:

**یەکەم: هۆکارەکانی پەیوەست بە بەخێوکەر:**

خەسڵەتەکان و تایبەتمەندیەکانی پێشکەشکاری چاودێری کۆمەڵایەتی وشێوازی مامەڵەی کە ئەوەش کاریگەری دروست دەکات لە جۆری هۆگر بوونی منداڵ بە کەسانی ترەوە،(putnem and,kim,kim tricleet،26،2011) .

**دووەم:هۆکارەکانی کە پەیوەندی بە منداڵەوە هەیە:**

میزاجی منداڵ یان هەرزەکار و تایبەتمەندییەکانی بەستراوەتەوە بە هەڵس و کەوتەکانی هۆگربوون،کە لە هەندێک هەڵوێستی جیاوازدا،(بولبی) وا دەبینێ کە ئەو تایبەتمەندیانە بەشێوەیەکی ڕوون دەردەکەوێ لە لای هەرزەکار (ابوغزال،2009ص18).

**سێیەم: جۆری چاودێری کردن:**

شارەزایی کارلێک کردن لە نێوان منداڵ و پێشکەشکاری چاودێری بە کارەسەرەکیەکان دائەنرێ بۆ جۆری ئەو هۆگر بوونەی کە لە لای منداڵ دەردەکەوێ لە قۆناغە سەرەکیەکانی ژیان( ابو غزال،٢٠٠٧، ٢٠).

**چوارەم: هۆکارە ژینگەییەکان :**

سروشتی ژینگە کە منداڵ تێیدا دەژی جیاوازە لە جۆری هۆگربوون بە منداڵەوە، ژینگەی نایەکسان و نا جێگیر ،کاریگەری لەسەر منداڵ دروست دەکات،و کاریگەری لەسەر وەڵامدانەوەی دەبێت (عبدالرحمن،٢٠١٥، ٦) .

**پێنجەم: بێبەشبوون لە نازی دایک:**

منداڵەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و هەتیوخانەکان و دامەزراوەکان ڕووبەری کاری زۆر ئەستەم دەبنەوە بەهۆی بێبەشبونی منداڵەکان وهەرزەکاران لە سۆزی باوان ، چونکە لەم جۆرە دامەزراوانە ژمارەی هەرزەکار ئەگەر زۆرتر نەبێت کەمتر نیە لە ژمارەی منداڵان کەلەم دامەزراوانە ژیان دەکەن (ابوعریش،13،2010).

**لە گرنگترین بیردۆزەکانی تایبەت بە هۆگربوونی دەروونی ئەمانەن :-**

**1- بیردۆزی (الاثیولوجیە)(بولبی1969):**

بیردۆزی هۆگربوون لە سیەکانی سەدەی ڕابوردوو سەری هەڵدا لەگەڵ کارەکانی (جۆن بولبی) (1958) کە جۆن بولبی وەک پزیشکی دەروونی کاری دەکرد لە نۆرینگەی ئاراستەکردنی منداڵ کە چارەسەری زۆرێک لە منداڵانی کرد ئەوانەی کێشەی سۆزداری و دەروونیان هەیە(www.aljazeera.net/midian/miscellaneous).

و(بولبی) سەرسام و کاریگەر بووە بە خوێندنگای پەیوەندیەکانی شیکردنەوەی دەروونی ، بەتایبەت سەرسام بووە بە (میلانی کلاین)، سەرەڕای ئەوەی زۆر جیاوازیان هەیە لە لایەنی بیروباوەڕی دەروونی بەڵام بیروبۆچوونیان یەکە لەگەڵ وەڵامدانەوەی ئەوەی کە منداڵ زیاتر پابەندە بە خەیاڵەوە وەک ئەوەی پابەند بێ بەڕاستی و حەقیقەت(بولبی،532،1951).

وەبیردۆزی (ایثولوجی) بە گرنگترین تێڕوانینەکان دائەنرێ کە قبوڵ کراوە لەکاتی ئێستاکەدا کە گرینگی داوە بە پەیوەندیەکانی کۆرپەو هەڵچوون و کارلێک کردنی لەگەڵ پێشکەشکاری چاودێری کە بەپێی لایەنی (ایثولوجی) کە ئەمەش دەردەخات کە هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ بنەمایەکی بۆماوەیی هەیە ،هەروەها پێشکەوتنی مرۆڤ لە مێژووی ژیانیدا کاریگەردەبێت و هەڵی مانەوەمان زیاتر دەکات ، (جۆن بولبی ) بە یەکەم کەس دائەنرێ کە ئەو بیرۆکەیەی جێبەجێ کردوە لە مەسەلەی هۆگربوون بوون کە لە تێبینیەکانی ئاماژەی کردوە بە پەرچەکرداری کردەوەی منداڵ لەکاتی جیابوونەوەیان لەباوان لەبارودۆخی جەنگی جیهانی دووەم و لە تێبینیەکانی ایثولوجی لەسەر ئاژەڵانی بچووکیش کردوویەتی لەم بیردۆزەدا کەلەسەر بنەمایەکی ڕێسای شیکردنەوەی دەروونی دایناوە وەهەروەها باسی سیستەمێکی هەڵسوکەوتی هۆگربوونی کردوە (attachment behavioral system) لە کۆمەڵێک خاڵی گرینگدا جۆرەکانی هەڵسوکەوتی لەخۆگرتووەو ڕوونی کردۆتەوە هەروەها پەرچەکرداری منداڵی لەخۆگرتووەو کە ئامانجی بەدیهێنانی نزیک بوونەوەیە لە چاودێری یەکەم کە مەبەستی پێشکەشکاری چاودێری سەرەکیە(بولبی،83،1973).

**2- بیردۆزی شیکاری دەروونی (فرۆید):-**

لەم بیردۆزەدا (فرۆید)کە گرینگی داوە بە گەشەپێدانی منداڵ ، لایەنی دەروونی سێکسی بەپێی گریمانەی فرۆید منداڵە بچووکەکان لەلایەنی بیۆلۆجی ئامادەکراون بۆ دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر کەلەدەوری دان،هەروەها فرۆید ئاماژەی بە  هۆگربوونی کردوە بەوەی کە وزەیەکی هەڵچوونیە بۆ هەڵبژاردنی شتێکە کە تیایدا منداڵ هەندێک وزەی (اللیبیدی) لێ بەرهەم دێت لەکەسێکی تر کە ئەو کەسەش لەوانەیە دایک یان جێگرەوەکەی بێت،ئەمەش لە سەرەتای قۆناغی منداڵی هەرزەکاری و لەسەرەتای ژیانیان دروست دەبێت (عبدالمعطي وقناوي،287،2000).

**3-   بیردۆزی فێربوون :**

خاوەنی ئەم بیردۆزە وادەبینن کە هۆگربوون بەهۆی ژمارەیەک لە شێوازی هەڵسوکەوتی پاڵپشتکراو دروست دەبێ لەنێوان دایک و منداڵ کە منداڵ پێدەکەنێ و دایکیش ئەو پێکەنینەی منداڵ شی دەکاتەوە بەوەی کە منداڵەکە مورتاحەو رەزامەندەو تەندروستەو لەو کاتەش دڵخۆش دەبێ، وە بیردۆزی فێربوون گونجاوە لەگەڵ بیردۆزەکانی شیکاری دەروونی لایەنی هۆگربوون، بەوەی کە ئەم بیردۆزەگرینگی بە هەڵسوکەوتی کۆرپەلە و بە رۆڵی خۆراک و هەڵسوکەوت دەدات،کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەربوونی بەردەوامی چەمکی هۆگربوون چونکە منداڵ لەکاتی لەدایکبوونی خۆراک و گەرم و نەرمی وەردەگرێ و حەزی بە حەنان و سۆزو خۆشەویستیە لەلایەن کەسانی ترەوە ئەگەر لەم لایەنەوە بێ بەش نەبوو ، ئەوا هۆگربوونەکەی درێژ دەبێتەوە تا گشت قۆناغەکانی تەمەنی(ساعدی،536،2015).

**پێنج فاکتەری گەورەی کەسایەتی :-**

بابەتی کەسایەتی پێگەیەکی گرنگی هەیە لە زانستی دەروونزانی سەردەمیانەدا، لەبەر ئەوەی کە بە سەرچاوەی سەرەکی دادەنرێت بۆ زانینی دیاردەکانی هەڵسوکەوتی مرۆڤایەتی، وە ئەو بەشەش کۆمەڵێک هۆکاری تایبەت بە کەسایەتی لەخۆ دەگرێ و باس دەکرێت(خطیب،19،2018).

وە هەروەها مەیدانی کەسایەتی و لایەنە گرینگەکانی کەسایەتی گرینگیان زیادی کردووە لەرێگای گەیشتن بە چەندین بیردۆز وگریمانەو توێژینەوە لەو بوارانەدا و ئەوەش لەرێگای شیکردنەوەی کەسایەتی و تایبەتمەندی و جۆرەکانی کەسایەتیە و نمونەی پێنج فاکتەری کەسایەتی (کۆستا و ماکری،1992) لە نمونە تازەکان دائەنرێت کە هەوڵی داوە وەسفێکی باشی کەسایەتی بکات بەپێی پێنج رەهەند بەشێوەیەکی فراوان و قوڵ(بتو،2،2005).

شارەزایانی بواری کەسایەتی نمونەی پێنج فاکتەری کەسایەتی ئاماژەی پێ دەکەن کە (هەندێک جار بە پێنج فاکتەرە گەورەکە)، و بەپێی مێژووش بێت ئەو بابەتە شتێکی تازەیە و تێڕوانینێکی تازەیە و بۆ بواری کەسایەتی ،کە پێش نیو سەدە زیاترو ئێستاش دوای چەندین ساڵ مانەوە لەسەر بیردۆزو تیۆرەی کەسایەتی ،زۆر لە توێژەران وەک (کولبیرج،1983،کوستا ماککرا1985،بوریتینا ،1988، هتد... بنەمایەکی گریمانی گەورەیان دانا بۆ رێکخستنی ژمارەیەک لە سیفاتەکانی چەمکی کەسایەتی، و زانا (مکدو گل) بە یەکەم کەس دائەنرێ کە گریمانەیەکی پێشکەش کردوە بۆ شیکردنەوەی پێنج فاکتەری کە کەسایەتی ، ئەمەش پێش کەوتنی  بە خۆیەوە بینی و فراوان بوو ودیاری کراوە و شایەنی جیاکردنەوەی هەیە ئەمەش لە ساڵی (1932)، هەروەها لە دوای ئەویش(ثیرستون) کە شارە زایەکی گرینگە بواری پێوانەکردنی دەروونیە لە ساڵی (1934) ئاماژەی کردووە لە لە رێگای شیکردنەوەی (60) خەسڵەتی بۆ پێنج فاکتەری سەرەکی سەربەخۆ،  وە ئەم زانایە  ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ پێنج فاکتەری گەورەی کەسایەتی و کارکردن تیدا کە ئەو کارەش (50) ساڵی خایاند و گرینگی زۆریان داوە بە توێژینەوەکەیان کە لو کاتە ئەنجامیان داوە(علي،53،2011).

کە هەر یەکێك لە (کۆستا و ماکری) خشتەیەك لەو پێنج فاکتەرەیان بڵاوکردۆتەوە کە لە بنەڕەتدا ئینگلیزییە لە ساڵی( 1989 ) لە دواتر دەستەواژەی دووەم دەرچوو .بۆ هەمان خشتە لە ساڵی (1992)، و هەروەها ژمارەیەك لە توێژەران هەڵساون بەوەی کە لێکۆڵینەوەیان کردووە لەو پێنج فاکتەرە لە ڕێگای شارستانیەتی جیاوازو لە ڕێگای زمانە جیاوازەکانەوە کە زۆربەی توێژینەوەکان هەتاکو ئەم دواییانەش کورتکرابۆوە لەسەر چەند نموونەیەك کە بە زمانی ئینگلیزی نووسرابوو و باسی شارستانییەتی ئەمریکی دەکرد و لێرەدا وای پێویست کرد ئەم پێنج فاکتەرە بە زمانە جیاوازەکان و شارستانییەتە جیاوازەکان بنوسرێتەوە ،بۆ گەیشتن بەم ڕاستیش ئەم پێنج فاکتەرە بە چەندین زمان و چەندین ناوچەی تر وەرگێردراوە و کاری پێکراوە نمونەش وەك لە( أفریقا و یابان و هند و المانیا و کویت و عیراق) و چەندین وڵاتی تر (الانصاری، عبدالخالق 77،1996).

**توێژینەوەکانی پێشوو تایبەت بەهەردووگۆڕاوی توێژینەوەکە :**

- هۆگربوونی باوان و هاوەڵان پەیوەندی بە تێگەیشتنی خودی سۆزداری (طراونة،2020) :

ئامانج لەك توێژینەوەیە زانینی ئاستی هۆگربوونی باوان و پەیوەندی بە تێگەیشتنی خودی سۆزداری . بریتیە لە قوتابیانی پۆلی یەکەمی ناوەندی کە بە شێوەی هەرەمەکی ڕێژەیی هەڵبژێردراون ،ژمارەی نمونەکە بریتیە لە (302) قوتابی لە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ. توێژەر بۆ پێوەری هۆگربوون پێوەری (الارمسدن و جیرنبیرج) بەکارهێنا ، وە پێوەری (کاروز ومایر) فرە ڕەهەندی بۆ تێگەیشتنی خودی سۆزداری بەکارهێناوە. لە ئەنجامدا دەرکەوت کە ئاستی هۆگربوونی باوان بە شێوەیەکە گشتی مامناوەندە،بەڵام لەسەر ئاستی ڕەهەندەکانی هۆگربوون بە شێوەیەکی بەرزدەچوو، وە هەروەها هۆگربوونی هاوڕییان بە ئاستێکی بەرزدەرکەوت.

وە هەروەها ئاستی تێگەیشتنی خودی سۆزداری بە شێوەیەکی گشتی بە ئاستێکی مامناوەند دەرکەوت بەڵام لەئاستی رەهەندی هۆگربوون بە پلەی یەکەم دێت.هەروەها پەیوەندەیەکی ڕاستەوانەی بەهێز هەیە لەنێوان هۆگربوونی باوان وتێگەیشتنی خودی سۆزداری و هۆگربوونی هاوڕێیان،وە هەروەها توێژینەوەکە دەری خست کە ئاستی تێگەیشتنی خودی سۆزداری بە بەهێزترین هۆکار بۆ پەیوەندی باوان و هاوڕێیان وە لە پێش هەموویانەوە دایك دواتر هاوڕێیان دواتر باوك دێت.

- هۆگربوونی هەرزەکاران بە دایکیان و پەیوەندی بە ڕەگەزی هەرزەکاران (عمر،بشری خطاب2009).

ئامانجی توێژینەوە بریتیە لە پێوانەکردنی ئاستی هۆگربوونی هەرزەکاران بە دایکیان وهۆگربوونی هەرزەکاران بە دایکیان پەیوەندی بە گۆڕاوی ڕەگەز(نێرومێ). خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی ئامادەیی نمونەی توێژینەوەکە بوون کە لە (200) خوێندکاری کوڕو کچ پێکهاتبوون. توێژەر هەڵسا بە بنیادنانی پێوەری هۆگربوون لە لای هەرزەکان کە لە (30) برگە پێکهاتبوو هەر برگەی سێ بژاردەی هەبوو(هەمیشە ،هەندێ جار،هەگیز)، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە نمونەی توێژینەوەکە لە هەردوو ڕەگەزدا هۆگربوونی دایکیان هەیە بە ئاستێکی بەرز، هەروەها جیاوازی بەڵگەداری ئاماری ڕوون هەیە لە نێوان رەگەزی نێرو مێ لە ڕادەی هۆگربوونیان بە دایکیان جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە.

- چەشنەکانی هۆگربوون و پەیوەندی بە پێنج فاکتەری گەورەی کەسایەتی و ڕەزامەندی لەسەر ژیان (shahrazadyan,omar2015) :

ئامانجەکە بریتیە لە دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان خاسیەتەکانی پێنج فاکتەری گەورەی کەسایەتی و چەشنەکانی هۆگربوون و رازی بوون لە ژیان، هەرزەکارانی کچ و کوڕ لە مالیزیا نمونەی توێژینەوەکە بوون کە ژمارەیان (315) نمونە بوو. بەکار هێنانی پێوەرە پێنج فاکتەری کەسایەتی ، چەشنەکانی هۆگربوون ، رازی بوون لە ژیان بەکاهاتوە . لە ئەنجامدا دەرکەوتوە کە پەیوەندی بەلگەداری ئاماری هەیە لە نێوان فاکتەری (کرانەوە لەسەر شارەزایی و ویژدان زیندویی ) لەگەڵ جۆرەکانی هۆگربوون .

**ڕێبازی توێژینەوە** : بریتیە لە توێژینەوەیەکی (وەسفی هاوپەیوەندیە).

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:** کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە سەرجەم خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی حکومی لە خوێندنی بەیانیان بۆ ساڵی خوێندنی (2022-2021 ) لە ناوەندی شاری کۆیە کە بریتی بوون لە (1.028) خوێندکار کە (408)لە ڕەگەزی نێربوون کە , (279) لە زانستی و ((129) ) لە ویژەیی بوون،هەروەها (620) لە رەگەزی مێ بوون کە(474) لە زانستی ولە (146)وێژەیی بوون،توێژەر ئاماری خوێندکارانی لە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە وەرگرت،وەك لە خشتەی خوارەوە روون کراوەتەوە.

**نمونەی توێژینەوە** :توێژەر نمونەی بنەڕەتی توێژینەوەکەی بە شێوازی هەرەمەکی رێژەیی هەڵبژارد بە ڕێژەی (45%) کە ژمارەیان (466) خوێندکار بوو،بەشێوەك (207) خوێنکاری ڕەگەزی نێر بوون کە (144 ) لە زانستی و (63)وێژەیی بوون ،هەروەها (259) خوێندکاری ڕەگەزی مێ بوون کە (199) لە زانستی و(66) لە وێژەیی بوون،وەك لە خشتەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ( 1 )

نمونەی جێبەجێ کردنی توێژینەوەکە

| | ناوی خوێندنگا | خوێندکار | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | | مێ | |
| | | زانستی | وێژەیی | زانستی | وێژەیی |
| 1 | ئامادەیی هێڤاری کوڕان | 32 | - | - | - |
| 2 | ئامادەیی چرۆی کچان | - | - | 54 | - |
| 3 | ئامادەیی بەیداغی کچان | - | - | 24 | 23 |
| 4 | ئامادەیی سیابۆی کچان | - | - | 13 | 02 |
| 5 | ئامادەیی کۆیەی کوڕان | 31 | 39 | - | - |
| 6 | ئامادەیی هیوای کوڕان | 43 | | - | - |
| 7 | ئامادەیی سامی عەودالّی کوڕان | 38 | 24 | - | - |
| 8 | ئامادەیی کۆیەی کچان | - | - | 79 | - |
| 9 | ئامادەیی کانی کچان | - | - | 29 | 17 |
| | | 144 | 63 | 199 | 60 |
| | | 207 | | 259 | |
| | کۆ | 466 | | | |

**ئامرازەکانی توێژینەوە:**لەبەر نەبوونی پێوانەیەکی گونجاو بە کۆمەڵگەی کورد توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی پێوەرێك بۆ گۆڕاوی (هۆگربوونی دەروونی بە باوانەوە)، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر ڕاپرسی کراوەی ئەنجامدا ، لەگەڵ گەرانەوە بۆ توێژینەوەکانە پێشوو، وە بۆ( پێنج فاکتەری گەورەی کەسایەتی ) توێژەر پێوانەی(علی 2011)ی بە کوردی دەست کەوت.

## ❖ دیاریکردنی ڕاستگۆیی :

**هۆگربوونی دەروونی بە باوان:**

توێژەر ڕاستگۆیی ڕواڵەتی و ڕاستگۆیی بونیادنانی ئەنجامدا، بۆ دەهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەرەکەی دا بە(10) شارەزایی بواری پەروەردەو دەروزنزانی،دوای گەرانەوەی پێوەرەکە ،کە ڕێژەی ڕێکەوتن (80%) بوو لەئەنجامدا لە کۆی (38) بڕگە (33) بڕگە مایەوە، توێژەر ڕاستگۆیی بنیادنانی ئەنجامدا لە ئەنجامدا (11) بڕگە لاچوون (22) بڕگە مایەوە.

**❖ دیاریکردنی جێگیری :** جێگیری بریتیە لە یەکێك لە خەسڵەتە بنەڕەتیەکانی توێژینەوە ، هەروەها بریتیە لە بەردەوامی ئەنجامی نمرەی بەدەستهاتوو بۆ ئەوەی بزانیین تا چەند نمرەکان جێگیرن ( لەیەك چوون)بۆ هەر تاکێك لە ئەنجامی تاقیکردنەوە،( Frankel,Wallen,and Hyun,2011,154).

**توێژەر بۆ دەهێنانی جێگیری پێوانەکەی چەند رێگایەکی بەکارهێنا وەك :**

**1-ڕێگەی دووبارە جێبەجێکردن ( Test-retest) :**

لەم ڕێگایە دووبارە ،ئەنجامی تاقیکردنەوەی خوێندکارەکان بە میکانزمی ژمێرەیی بەراورد دەکەین ، ئەگەر ئاستی تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم باڵاو پۆزەتیڤ بوو ، ئەوا ئاماژەیە بۆ جێگیری و نەگۆری تاقیکردنەوەکە،(قادر،2016،171) ، بۆیە توێژەر بۆ ئەوەی جێگیری پێوانەکەی دیاری بکات لە ڕێکەوتی (22-2-2-1) بۆ جاری یەکەم پێوانەکەی دابەش کرد بەسەر ( 60) خوێندکار لە هەردوو رگەزی نێرو مێ کە بەشێك بوون لوکۆمەڵگەی توێژینەوەکە . دوای تێپەر بوونی (15) ڕۆژ ،لە ڕێکەوتی (-2-15 2022) دووبارە پێوانەکە بەسەر هەمان نمونەدا جێ بەجێ کرایەوە ، دواتر پەیوەندی لە نێوان ئەنجامی یەکەم و دووەم لە ڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی ( sperman) هوە دۆزرایەوە ، لە ئەنجامدا بەهای پەیوەندی لە نێوان ئەنجامی یەکەم و دووەم بریتی بوو لە ( 0.89) کە ئەمەش پەیوەندیەکی بەهێزە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە جێگیری پێوانەکە بەرزە.

**2- جێگری ئەلفا کرۆنباخ (Cronbachs Alpha) :**

توێژەر جێگیری پێوانەکەی بە ڕێگەی (Cronbachs Alpha) دۆزیەوە ، کە یەکێکە لە ڕێگەکانی دەستنیشانکردنی گونجانی ناوەکی، پاش جێبەجێکردنی پێوانەکەی بەسەر

(100) خوێندكاری نمونەی سەرەتایدا ، دەركەوت بەهای جێگیری پێوانەكەی بریتیە لە (0.83)،كە ئەمەش جێگیریەكی پەسەندە .

**3- جێگری بەنیوەكردن ،كەرتكردنی نیوەیی(Split- Half Method):**

جێگیری پێوانەكە بەرێگەی كەرتكردنی نیوەی (Split Half) دەستنیشانكرا،كە ئەمەش ئەوەیە كە تاقیكرنەوەی پێوەرەكە بەشێوەیەكی هەرەمەكی بەسەر دوو بەشی تاك و جووتدا دابەشك دەكرێت(العزاوی،2013،98).، دوای جێبەجێ كردنی پێوەرەكە بەسەر نمونەی سەرەتایی (100) خوێندكار ،لە رێگەی بەكارهێنانی هەگبەی ئاماری ( spss) هوە ، دەركەوت بۆ زانستە كۆمەڵایەتیەكان و بەكارهێنانی هاوكێشەی پەیوەندی ( sperman) هوە ، دەركەوت بەهای پەیوەندی نێوان بەشی یەكەم و دووەمی پێوانەكە بریتی بوو لە ( 0.70)، كە ئەمەش جێگیریەكەی بەرزە .

**2-پێنج فاكتەری گەورەی كەسایەتی:**

ڕاستگۆیی ڕواڵەتی واتە ئایا پێوەرەكەگونجاوە بۆ ئەو داتایە یان دیاردەكەی دەیپێوت،وە ڕادەی برگەكانی پێوەرەكە تەنها ئەو گۆڕاوەی بۆیدانراوە پێوانە دەكات ( العساف،1995،ص430) ، بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی توێژەر پەنای بردە بەر ڕاو بۆچوونی شارەزایان ،بۆ ئەو مەبەستەش برگەكانی پێوانەكە خرایە بە (10) شارەزایی بواری (پەروەردەو دەرونزانی) ، كە داوایان لێ كرا ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە گونجاوی برگەكان و بژاردەكان دەربڕن و هەر گۆڕانكاریەكیان پێ باشە پێشنیاری بكەن ، دوای كۆكردنەوەی فۆرمەكان بە پێی بۆچوونی شارەزایان تەنها ئەو برگانە مانەوە كە ڕێژەیی ڕێكەوتن لەسەر مانەوەیان (70%) بەرەو سەر بوو ، بەم شێوە لە كۆی (57) برگە تەنها (1) برگە لادرا كە برگەی (50) بوو ،لەكۆتایدا (56) برگە مایەوە.

**دەرهێنانی جێگیری :**

پێوانەی جێگیر ئەو پێوانەیە ئەگەر دوبارەكرایەوە لە هەمان باروودۆخدا و لەسەر هەمان كۆمەڵە لە هەموو جارەكان هەمان ئەنجامی هەبێت، ئەوا دەتوانین بڵێین پێوانەكە جێگیرە،(حمد ،2020،86) .

## توێژەر بۆ دیاری كردنی جێگیری پێوانەكەی چەند ڕێگەیەكی بەكار هێنا:

1-ڕێگەی دووبارە جێ بەجێ كردن(Test-retest):

بە مەستی دیاریكردنی جێگیری پێوانەی پێنج فاكتەری گەورەی كەسایەتی توێژەر ڕێگەی (Test-retest) ، بەكارهێنا لە ڕێكەوتی (1-2-2022)،بۆ جاری یەكەم پێوانەكەی دابەشكردبەسەر (6) خوێندكار كە بەشێكبوون لە كۆمەڵگەی توێژینەوەكە كە بریتی بوون لە ( 30) كور و(30) كچ ،دوای تێپەر بوونی (15)ڕۆژ لە ڕێكەوتی (15-2-2022)،دوبارە پێوانەكە بەسەر هەمان نمونە جێبەجێكرایەوە، دواتر پێوەندی لە نێوان ئەنجامەكانی یەكەم و دووەم لە ڕێگەی هاوكۆلكەی پەیوەندی (Sperman) دۆزرایەوەلە ئەنجامدا دەركەوت ،بەهای پیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەكەم و دووەم بریتیە لە(0.74) ،ئەمەش جێگیریەكی پەسەندە .

ڕێگەی ئەلفا كرۆنباخ (Cronbachs Alpha)

توێژەر جێگیری پێوانەكەی بە ڕێگەی ئەلفاكرۆنباخ دۆزیەوە ، كە یەكێكە لە ڕێگاكانی دەستنیشانكردنی گونجانی ناوەكی، پاش جێبەجێكردنی پێوانەكە بەسەر (100)خوێندكاری نمونەی سەرەتایی دەركەوت ،ڕێژەی جێگیری پێوانەكە بریتیە لە (.78) ئەمەش جێگیریەكی پەسندە.

3-ڕێگەی بە نیوەكردن (Split-Half Method):

- ❖ جێگیری پێوانە بە ڕێگەی (Split- Half) دەسنیشنكرا، یەكێكە لە ڕێگەكانی دووكەرتكردنی پێوانە، بۆ ئەو مەبەستەش دوای جێبەجێكردنی پێوانەكە بەسەر ( نمونەی سەرەتایی )دا، كە بریتی بوون لە (100) خوێندكار ، لە ڕێگەی بەكارهێنانی هاوكێشەی پەیوەندی (sperman) سپێرمان دەركەوت ،بەهای پەیوەندی نێوان بەشی یەكەم و دووەمی پێوانەكە بریتیە لە ( 0.65 ) كە ئەمەش جێگریەكی پەسەندە .

**❖ ئەنجامدانی توێژینەوەكە بەشێوەی كۆتایی:**

توێژەر لە ڕێكەوتی (27-3-2022) دەستیكرد بە جێبەجێكردنی پێوانەكانی توێژینەوەكەی بەسەر نمونەی توێژینەوەكەیدا ،كە پێكهاتبون لە خوێندكارانی قۆناغی ئامادەیی لە ناوەندی شاری كۆیە كە ژمارەیان (466) خوێندكار بوو، لە هەردوورەگەزی نێرو مێ بە هەردوو پسپۆری (زانستی و وێژەیی) ،هەروەك لە پاشكۆی ( 12 ) ڕوونكراوەتەوە, ئەنجامدانەكە لە ڕێكەوتی ( 6-4-2022) كۆتایی هات.

**❖ ئامرازە ئاماریەكان :**

توێژەر سوودی وەرگرتن لە پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماریی بۆ زانستە كۆمەڵاتیەكان، بە بەكارهێنانی ئەم ئامرازە ئاماریانەی خوارەوە:

1) هاوكۆلكەی پە یوەندی پێرسۆن- سپێرمان sperman - Person Correlation

Independent Sample T-Test (2

One way ANOVA(3

Cronbachs Alpha(4

❖ خستنە ڕوی ئەنجامەكان و شیكردنەوەیان:

لەم بەشەدا توێژەر ئەنجامەكان بە پێی ئامانجەكانی توێژینەوەكەی دەخاتە ڕوو،لێكی دەداتەوە بەم شێوەی خوارەوە:
یەكەم هەنگاوی كاری توێژەر بۆ خستنە ڕووی ئەنجامەكان هەوڵیدا بزانێ ئایا نموونەی توێژینەوەكە مەرجی دابەشبوونی سروشتی تێدا هاتۆتەدی یان نا، بۆ ئەمەش توێژەر ( (test of Normality) بەكارهێناوە، لەبەر ئەوە ژمارەی نموونەی توێژینەوەكە (466 )بوو بۆیە توێژەر بۆ دڵنیا بوون لە یەكسان دابەش بوونی نمونەی توێژینەوەكەی پشتی بەست بە (سكیۆنس و كۆرتۆسس-skewness,kurtosis) ،لە ئەنجامدا نمرەی

توێژینەوەکە بە یەکسانی دابەش بوە ، بۆیە توێژەر ئامرازی ئاماری ( parametric tests ) بەکارهێنا بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی ئامانجەکان.

**ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی هۆگربوونی دەروونی (بە باوانەوە ) لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە شاری کۆیە بە شێوەیەکی گشتی.** بۆ لێکدانەویە ئاستی هۆگر بوونی دەروونی بەباوانەوە توێژەر پشت دەبەستێ بەم لێکدانەوەیە و پاشان بەم هێلکاریەی خوارەوە:

بژاردەی یەکەم «زۆر ڕازیم» و بەهاکەی بریتییە لە «5» و ژمارەی برگەکان «22» برگەیە کەواتە 22X5= 110 کەواتە ئەگەر خوێندکارێک( 110 ) بەدەست بهێنێت لە پێوەرەکە کەواتە دەتوانین بڵێین هۆگربوونی دەرونی لە ئاستێکی بەرزدایە. بژاردەی دووەم « ڕازیم» و بەهاکەی «4» و ژمارەی برگەکان «22» برگەیە کەواتە 22 X4 =88 ئەگەر خوێندکارێک (88 )بەدەستهێنا لە پێوەرەکە کەواتە دەتوانین بڵێن هۆگربوونی هەیە بە ئاستێکی بەرز . بژاردەی سێیەم « بێ لایەن » و بەهاکەی «3» و ژمارەی برگەکان «22» برگەیە کەواتە 22 X3 =66 ئەگەر خوێندکارێک(66) بەدەستهێنا لە پێوەرەکە کەواتە دەتوانین بڵێن هۆگربوونی هەیە بە ئاستێکی ناوەند . بژاردەی چوارەم «نا ڕازیم» و بەهاکەی «2» و ژمارەی برگەکان «22» برگەیە کەواتە 22 X2 =44 ئەگەر خوێندکارێک (44)بەدەستهێنا لە پێوەرەکە کەواتە دەتوانین بڵێن هۆگربوونی هەیە بە ئاستێکی نزم. . بژاردەی یەکەم « زۆر ناڕازیم» و بەهاکەی «1» و ژمارەی برگەکان «22» برگەیە کەواتە 22 X1 =22 ئەگەر خوێندکارێک (22 )بەدەستهێنا لە پێوەرەکە کەواتە دەتوانین بڵێن هۆگربوونی نییە.

بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی ئامانجی یەکەمی توێژینەوەکە توێژەر لە ڕێگەی دۆزینەوەی ناوەندی ژمێرەیی و دابەشکردنی بەسەر ژمارەی برگەکان ئەنجامەکەی دەرهێنا.

ناوەندی ژمێرەیی / ژمارەی برگەکان ← 80.1266 / 22 = 3.64

به دانانی ئەنجامی دەسکەوتوو لەسەر ئەم هێلکارییەی خوارەوە بەم شێوەیە دەردەچێت. وەک لە هێلکاری ژمارە ( 1 ) دیارە:

به دانانی ئەنجامی دەسکەوتوو لەسەر ئەم هێلکارییەی خوارەوە بەم شێوەیە دەردەچێت. وەک لە هێلکاری ژمارە ( 1 ) دیارە:

هێلکاری ژمارە( 1 )

(هێلکاری ڕێژەی هۆگربوونی دەروونی بە باوانەوە لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە شاری کۆیە)




بەپێی ئەو ئەنجامەی سەرەوە دەرکەوت کە خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی هۆگربوونی دەرونیان هەیە بە ئاستێکی بەرز، توێژەر پێی وایە هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە ئەو خوێندکارانە لەقۆناغی هەرزەکاریدان لەو تەمەنە زیاتر پەیوەستن بە باوانەوە و سەربەخۆ نین ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە هەرزەکاران لەم قۆناغە خاوەن بڕیاری خۆیان نین، هەر بڕیارێک بدەن پشت دەبەستن بە باوان و ڕای باوانیان وەردەگرن، وە شێوازی پەروەردەکردنی کۆمەڵگەکەمان بەو شێوەیەیە کە ناهێڵێ هەرزەکاران لە تەمەنێکی زووەوە پشت بەخۆیان ببەستن و خاوەن بڕیاری خۆیان بن،ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە هاوشێوەی توێژینەوەی ( تراونە 2020 ) و پێچەوانەی توێژینەوی ( ابو عریش 2010) ه .

**زانینی ئاستی پێنج فاکتەری کەسایەتی لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی بە شێوەیەکی گشتی:**

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی بەرنامەی ( spss ) ، بۆ لێکدانەوەی ئاستی پێنج فاکتەری گەورەی کەسایەتی توێژەر پشت دەبەستێت بەم لێکدانەوەیە و پتشان بەم هێلکاریەی خوارەوە:

**1-زانینی ئاستی فاکتەری دەماری:**

بژاردەی یەکەم «زۆر ڕازیم» و بەهاکەی بریتییە لە «5» ژمارەی برگەکان«12 »برگەیە کەواتە 12X5 = 60 کەواتە ئەگەر خوێندکارێک (60 )بەدەست بهێنێت لە پێوەرەکە کەواتە دەتوانین بڵێین کەسایەتی دەماریەکەی لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە . بژاردەی دووەم « ڕازیم» و بەهاکەی «4» و ژمارەی برگەکان «12» برگەیە کەواتە 12 X4 =48 ئەگەر خوێندکارێک(48 )بەدەستهێنا لە پێوەرەکە کەواتە دەتوانین بڵێن کەسێتیەتی دەماری لە ئاستێکی بەرزدایە . بژاردەی سێیەم « بێ لایەن » و بەهاکەی «3» و ژمارەی برگەکان «12» برگەیە کەواتە 12 X3 =36 ئەگەر خوێندکارێک(36) بەدەستهێنا لە پێوەرەکە کەواتە دەتوانین بڵێن کەسایەتی دەماری لە ئاستێکی ناوەند. بژاردەی چوارەم «نا ڕازیم» و بەهاکەی «2» و ژمارەی برگەکان «12» برگەیە کەواتە 12 X2 =24 ئەگەر خوێندکارێک (24)بەدەستهێنا لە پێوەرەکە کەواتە دەتوانین بڵێن کەسایەتی دەماری ئاستێکی نزم . بژاردەی یەکەم « زۆر ناڕازیم» و بەهاکەی «1» و ژمارەی برگەکان «12» برگەیە کەواتە 12 X1 =12 ئەگەر خوێندکارێک (12 )بەدەستهێنا لە پێوەرەکە کەواتە دەتوانین بڵێن کەسایەتی دەماری نیە.

بۆ دۆزینەوەی ئاستی کەسایەتی دەماری لە توێژینەوەکە توێژەر لە ڕێگەی دۆزینەوەی ناوەندی ژمێرەیی و دابەشکردنی بەسەر ژمارەی برگەکان ئەنجامەکەی دەرهێنا.

ناوەندی ژمێرەیی / ژمارەی برگەکان ← 40.5794 / 12 = 3.38

بە دانانی ئەنجامی دەسکەوتوو لەسەر ئەم هێڵکارییەی خوارەوە بەم شێوەیە دەردەچێت. وەک لە هێڵکاری ژمارە (1) دیارە.

هێڵکاری ژمارە( 1)

(هێڵکاری ڕێژەی فاکتەری دەماری لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە شاری کۆیە)




**2- زانینی ئاستی فاکتەری سادەیی :**

بۆ دۆزینەوەی ئاستی کەسایەتی سادەیی لە توێژینەوەکە توێژەر لە ڕێگەی دۆزینەوەی ناوەندی ژمێرەیی و دابەشکردنی بەسەر ژمارەی برگەکان ئەنجامەکەی دەرهێنا.

ناوەندی ژمێرەیی / ژمارەی برگەکان ← 43.4335 / 12 = 3.62

هێڵکاری ژمارە( 2)

(هێڵکاری ڕێژەی فاکتەری سادەیی لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە شاری کۆیە)




**3-زانینی ئاستی فاکتەری**

**3.کرانەوە لەسەر شارەزایی:**

بۆ دۆزینەوەی ئاستی کەسایەتی کرانەوەلەسەر شارەزایی لە توێژینەوەکە توێژەر لە ڕێگەی دۆزینەوەی ناوەندی ژمێرەیی و دابەشکردنی بەسەر ژمارەی بڕگەکان ئەنجامەکەی دەرهێنا.

ناوەندی ژمێرەیی / ژمارەی بڕگەکان ← 36.2983 / 10 = 3.63

هێلکاری ژمارە( 3)

(هێلکاری ڕێژەی فاکتەری کرانەوەلەسەر شارەزایی لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە شاری کۆیە)




**4-زانینی ئاستی فاکتەری ڕووخۆش:**

بۆ دۆزینەوەی ئاستی کەسایەتی دەماری لە توێژینەوەکە توێژەر لە ڕێگەی دۆزینەوەی ناوەندی ژمێرەیی و دابەشکردنی بەسەر ژمارەی بڕگەکان ئەنجامەکەی دەرهێنا.

ناوەندی ژمێرەیی / ژمارەی بڕگەکان ← 34.9506 / 10 = 3.5

هێلکاری ژمارە( 4)

(هێلکاری ڕێژەی فاکتەری ڕووخۆش لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە شاری کۆیە)



**5-زانینی ئاستی فاکتەری ووژدان زندویی:**

بۆ دۆزینەوەی ئاستی کەسایەتی ووژدان زندویی لە توێژینەوەکە توێژەر لە ڕێگەی دۆزینەوەی ناوەندی ژمێرەیی و دابەشکردنی بەسەر ژمارەی بڕگەکان ئەنجامەکەی دەرهێنا.

ناوەندی ژمێرەیی / ژمارەی بڕگەکان ← 46.2189 / 12 = 3.85

هێڵکاری ژمارە( 5 )

(هێڵکاری ڕێژەی فاکتەری ووژدان زیندوویی لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە شاری کۆیە)




بەپێی ئەو ئەنجامانەی سەرەوە دەرکەوت کە خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی کەسێتی فاکتەری دەماریان لە ئاستێکی مام ناوەند دایە،بەڵام هەر چوار فاکتەرەکەی تر وەك (سادەیی ، کرانەوە لەسەر شارەزایی ، ڕووخۆشی ،ووژدان زندویی) لە ئاستێکی بەرز دایە توێژەر پێی وایە هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خوێندکاران لە تەمەنێکی هەرزەکاریدا ڕژێنی هۆرمۆنەکان چالاکن وکاریگەری دەبێت لەسەر ڕەفتارو بیرکردنەوەیان ،وە ڕەنگ دانەوەی دەبێت لەسەر جۆری کەسایەتیان، ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (بتو 2005 ) ، (faraj zada u muhamad، 2018 ) هاوشێوەن.

**دۆزینەوەی هاوکۆلکەی پەوەندی لە ئێوان هۆگربوونی دەروونی بە باوان و پێنج فاکتەری گەورەیی کەسایەتی .**

دوای کۆکردنەوەی داتاکان ،و بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری ( spss )،بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان ، ئامرازی ئامرازی ( pearson correlation ) ،توێژەر پەیوەندی پیرسۆنی بەکارهێنا، لە ئەنجامدا دەرکەوت ،بەهای پەیوەندی پێرسۆنی (pearson) لەنێوان هۆگربوونی دەروونی بە باوان وپێنج فاکتەری گەورەی کەسایەتی،هەریەك لەم فاکتەرانە لەگەڵ هۆگربوونی دەرونی بە باوان،پەیوەندیەکی ئەرێنی ی بەرزو بەڵگەداری ئامارییە، کە بەهای (R) لە نێوان هۆگربوونی دەروونی وفاکتەری دەماری بریتیە لە ( 0.306 ) ، لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری ( 0.001 ) ، وە لە نێوان هۆگربوونی دەروونی و فاکتەری سادەیی بەهای (R) بریتیە لە ( 0.351 ) ، لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری ( 0.001 ) ، وە لە نێوان هۆگربوونی دەروونی و فاکتەری کرانەوە لەسەر شارەزایی بەهای ( R) بریتیە لە ( 0.209 ) ،لەئاستی ئاماری ( 0.001 )، وە لە نێوان هۆگربوونی دەروونی وفاکتەری ڕووخۆشی بەهای ( R) بریتیە لە ( 0.281 ) ،لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری ( 0.001 ) ، وەلە نێوان هۆگربوونی دەروونی و فاکتەری ووژدان زیندویی بەهای (R ) بریتیە لە( 0.308 ) ،لەئاستی بەڵگەداری ئاماری ( 0.001 ) ،وەك لەم خشتەیەی خوارەوە روون کراوەتەوە،

خشتەی ژمارە ( 3 )

دەرخستنی پەیوەندی نێوان هۆگربوونی دەروونی باوان و پێنج فاکتەری گەورەی کەسایەتی

| پێوانە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | فاکتەرەکانی کەسایەتی | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای R | بەڵگەداری ئاماری | ژمارەی نمونە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هۆگربوونی دەرونی | 80.126 | 9.129 | دەماری | 49.57 | 6.13 | $0.306^{**}$ | 0.001 | 466 |
| | | | سادەیی | 43.43 | 5.85 | $0.357^{**}$ | 0.001 | |
| | | | کرانەوە لەسەر شارەزایی | 36.29 | 5.04 | $0.290^{**}$ | 0.001 | |
| | | | ڕووخۆشی | 34.95 | 5.07 | $0.281^{**}$ | 0.001 | |
| | | | ووژدان زیندویی | 46.21 | 6.79 | $0.308^{**}$ | 0.001 | |

توێژەر پێ ی وایە هۆکاری دەرچوونی ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا هۆگربوونی دەروونی باوان کاریگەری زۆری هەیە لە سە رجۆری کەسایەتی خوێندکاران کە لەم قۆناغە هەرزەکارییە هەستیاریە دان ، واتە پێویستی زۆریان بە باوان هەیە بۆ ئەوەی ببن بە خاوەن کەسایەتیە تی دیارو باش و گونجاو لە ناو کۆمەڵگەوپێشوازی باشیان لێ بکرێت، وە باوان وەك نمونەیەکە بە بەرچاوی هەرزەکارانەوە، لە کۆمەڵگەی کوردیدا باوان مافی ئەوەی پێدراوە بەرپرس بێت لە هەموو هەڵسوکەوتێکی هەرزەکاران ،بۆیە لێرەدا کاریگەریکی ڕاستەوانەو ئەرێی ی بەرز هەیە لە نێوان هۆگربوونی دەروونی بە باوان و پێنج فاکتەری گەورەی کەسایەتی، ئەنجامی ئەم توێژینەوەش هاوڕایە )لەگەڵ توێژینەوەی (بن عتو و هاوڕێکانی 2020)ه ،وتوێژینەوە Shahrazad (&another2015 )،وە توێژینەوەی (Amani &anather 2013)ه.

## ❖ - دەرئەنجامەکان:

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1-خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی هۆگربوونی دەروونی بە باوانیان هەیە بە ئاستێکی بەرز.

2-جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لە ئاستی هۆگربوونی دەروونی بە باوان بەپێ ی گۆڕاوی (ڕەگەز و هەبوونی باوان و ئاستی خوێندەواری باوان.

3-خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی هەر چوار فاکتەری (سادەیی ،کرانەوە لەسەر شارەزایی، ڕوخۆشی ،ووژدان زیندویی) یان لە ئاستێکی بەرزدایە جگە لە فاکتەری (دەماری ) نەبێت لە ئاستێکە مامناوەند دایە.

4-جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدی ناکرێت لە نێوان فاکتەرەکانی کەسایەتی بەپێ ی گۆڕاوی ڕەگەز جگە لە فاکتەری (دەماری ) نەبێت کە بە ڵگەداری ئاماری هەیە بە پێی ی گۆڕاوی ڕەگەز،هەروەها بەپێی ی گۆڕاوی پسپۆڕی خوێندنیش هیچ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدی ناکرێت،هەروەها بۆ گۆڕاوی هەبوونی باوان جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدی ناکرێت لە نێوان فاکتەرەکانی کەسایەتی هەبوونی باوان جگە لە فاکتەری (سادەیی ویژدان زیندویی) هە بە ڵگەری ئاماری بوو ،هەروەها بۆ گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری باوان لە هەر پێنج فاکتەرەکە جیاوازی بە ڵگەداری ئاماری بەدی ناکرێت.

5- پەیوەندی ئەرێی ی بەڵگەداری ئاماری پتەو لە نێوان هۆگربوونی دەروونی باوان و هەرپێنج فاکتەر(دەماری ، سادەیی ،کرانەوە لەسەر شارەزایی،ڕووخۆشی ، ویژدان زیندویی) هەیە .

### - ڕاسپاردەکان :

**توێژەر دوای ئەوەی گەیشتە ئەنجامەکان لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانە ڕاسپاردەی ئەمانەی خوارەوە دەکات.**

1- ڕێخراوەکانی بواری پەروەردەو فێرکردن لە ڕێگەر کۆڕو کۆبونەوە و سیمینار بکرێت بۆ قۆناغی ئامادەیی.

**2**-توێژەر ڕاسپاردەی ئەوە دەکات بۆ وەزارەتی پەروەرد بە زیاد کردنی وانەیەکی دەرزنزانی بۆ قۆناخی ئامادەیی ، بۆ ئەوەی هەرزەکاران شارەزاییان لەسەر بنەما سەرەتاییەکانی دەرونزانی بەگشتی دەرونزانی کەسێتی بە تایبەتی هەبێت .

3- ئەنجامدانی ورك شۆپی تایبەت بە پێنج فاکتەری گەورەی کەسێتی بۆ مامۆستایانی قۆناخی ئامادەی ، بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنایەتیان هەبێت لە جۆری کەسێتی هەرزەکاران و مامەڵە کردنیان.

- پێشنیارەکان:

**لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان توێژەر پێشنیاری ئەم خاڵانەی خوارە دەکات:**

1-توێژەر پێشنیار دەکات بە دووربارە ئەنجامدانی هەمان توێژینەوە لە گشت شارەکانی تری کوردستان ،نمونەی توێژینەوەکە فراوانتر بکرێت .

2-ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە بە گۆڕینی نمونەی توێژینەوەکە لە خوێندکارانە ئامادەییەوە بۆ مامۆستایانی ئامادەی .

3- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لە کوردستان لەسەر پێنج فاکتەری گەورەی کەسایەتی وپەیوەندی بە گۆڕاوی تری وەك(ڕازیبوون لە ژیان ،لادانی سێکسی ،نەخۆشیە دەرونیەکان ...هتد).

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە کوردیەکان:**


➢ حمد،گوڵاڵە سلام، (2020) ،" **ئاستی بەکارهێنانی تورە کۆمەڵاتییەکان و پەیوەندی بە پاڵنەری فێربوون و بیرکردنەوەی ئەرێنیەوە لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە شاری کۆیە**"، توێژینەوەی ماستەر ،بەشپەروەردەو دەرونزانی، زانکۆی کۆیە.

➢ قادر ،ڕەمەزان حمد ئەمین، (2016)،"**پێوانەو هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی**"، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا ،سلێمانی.

**سەرچاوە عەرەبیەکان:**

➢ أبو غزال ، معاوية، (2007) ، " **نظريات التطور الأنسانى وتطبيقاتها التربوية** " ، دالا ميسرة للنشر والتوزيع ،عمان.

➢ أبو عريش ، أريج محمود، (2010) ، "**تعلق العاطفي لدي أطفال ما قبل المدرسة و علاقته بالخوف من وجهه نظر الأمهات** " ، بحث ماجستر ،جامعة قدس ،فلسطين، https://dspace.alquds.edu/server/api/core/bitstreams/ac7110aa-67ae-45f9-9d90-46cfb3bfc66c/content.

➢ الأنصاري، بدرمحمد و عبد الخالق , وأحمد، (1996) ، "**مدى كفاءة قائمة العوامل الخمسة الكبري في الشخصية في المجمع الكويتى** ،مجلة علم نفس ،السنة العاشرة،الهيئة المصرية العامة ،عدد (83)، https://psycho.sudanforums.net/t3090-topic .

➢ الأنصاري،بدر محمد، (1999)، "**مقديه لدراسة الشخصية** "،كلية علوم الأجتماعية، جامعة كويت ،طبعة الأولي.

➢ بولبي ج ,(1973), "**الانفصال : القلق والغضب التعلق والخسارة**", مجلد (2),مكتبة التحليل النفسي الدولية ,رقم(95),مطبعة هوغارث ,لندن، https://ewikiar.top/wiki/John_Bowlby.

➢ بتو ،أسيل أسحاق، (2005)،"**العوامل الخمسة كبري في الشخصية وعلاقتها بتقييم الذات التحصيلي لدى طلبة الجامعة**" ،رسالة ماجستر ،كلية التربيةللعلوم الأنسانية ،جامعة الصلاحدين ، الأربيل.

➢ بن راشد ،سعاد بنت خميس ،(2018)، "**أنماط تعلق السائدة لدى طلبة الصفين الحادى عشر وثانى عشر بمدارس محافظة جنوب الشرقية**" ،بحث ماجستر،كلية علوم نفسية ،سلطنة ،عمان، https://platform.almanhal.com/Files/2/128168 .

➢ بن عتو ، خدمه وشاوي (2020) ، " **العوامل حمسة الكبري للشخصية وعلاقتها بأنماط تعلق** "،دراسات بحاث العلمية في علوم الأجتاعية ،مجاه روافد ، مجلد (4) ، صفحة (110-143) ،جامعة الشلف ،جزائر، https://www.asjp.cerist.dz/en/downArticle/539/4/1/115841.

➢ الخطيب ،رائده عزات ، (2018) ، " **العوامل الخمسة الكبري للشخصية وعلاقتها بإدمان الأنترنيت (دراسة ميدانية علي عينة طلبة جامعة ديمشق)** " ، رسالة ماجسترفي نفس النمو ، جامعة ديمشق، http://nsr.sy/df509/pdf/5826.pdf.

➢ رسول ، جوان نورى، (2015) ، " **الفراغ العاطفي الأتزان الأنفعالي وسمة الأنسجام لدي المتزوجين من التدريسي جامعة الصلاحدين – الأربيل** " بحث دكتوراه ، جامعة الصلاحدين ، الأربيل.

➢ الساعدي عدنان و العبيدي مظهر ، (2015) ،" **تعلق الأمن وعلاقته بالتفاعل الأجتماعي لدى تلاميذ المرحلة الأبتدائية** ، رسالة ماجسترمنشورة ، كلية التربية والعلوم الأنسانية ، جامعة ديالي ، مجلة ديالي للبحث علمي ، عدد(66)، https://www.iasj.net/iasj/download/6cdebba36cb9dfb1.

➢ طراونه ، عبدالله، (2020)،"**تعلق بالوالدين والأقتران وعلاقة بالتفهم الوجدانى " مجلة الأردنية في علوم تربوية مجلد(16)** ، عدد (3) ،جامعة علوم الأسلامية ، الأردن، https://journals.yu.edu.jo/jjes/Issues/2020/Vol16No3/1.pdf.

➢ عبد الجواد،مرفت عزمي زكى، (2017)،"**انماط التعلق وعلاقتها بالسلوك الأيثاري لعينة من المراهقين بالمرحلة أعدادية**"،كلية التربية . قسم الصحة نفسية ، جامعة مينا ، المصر ، https://search.emarefa.net/ar/detail/BIM-952808.

➢ عبد الرحمن ، عادل فيصل، (2015)، " **أنماط تعلق وعلاقتها بدافعية الأنجاز الأدبي وتحصيل الدراسي لدى طلبة مرحلة ثانية في منطقة قدس** "،علية التربية ، جامعة يرموك ، الأردن.

➢ عبد المعطي ,وقناوي،( 2000 )،"**علم النفس النمو** " جزء الثانى ، ناشر لدار قباء للطباعة ونشر وتوزيع ، مكتبة،شاملة.

➢ العتوم ، والجراح ، ومعاويه ،(2005)،"**علم النفس التربوي النظرية والتطبيق** "، طبعي الأولي ، دار الميسرة للنشر والتوزيع والطباعة ، عمان .

➢ علي، دياري محمد ولي، (2011) ،"**اضطراب الشخصية الوسواسية –القصرية لدى طلبة الجامعة علي وفق أنموذج العوامل الخمسة للشخصية** "، بحث ماجستر في التربية وعلم النفس الشخصية، كلية التربية الأساسية ،جامعة السلمانية.

➢ عمر ، بشرى ضكاب، (2009)،"**تعلق المراهقين بأمهاتهم و علاقة بجنس المراهق** "، بحث منشورة ، مجلة جامعة تكريت للعلوم الأنسانية ، مجلد (16) ، عدد (12)، https://www.iasj.net/iasj/article/22767.

➢ ياسين ،محدية مجيد، (2016)، "**أنماط تعلق وعلاقتها بالترامن النفسي والأجتماعي لدي أطفال الرياض في مركز محافظة دهوك**" ، رسالة ماجستير ،كلية تربية الأساسية ، جامعة دهوك.

سەرچاوە بيانيەكان:

➢ Amani. Z, Fatehizade.M; and Zahra Y,(2013),**The multiple relations between attachment styles and big five personality traits with assertiveness in a sample of Iranian girl** , https://apexjournal.org/jerbs/archive/2013/Oct/fulltext/Hafshejani%20et%20al.pdf Journal of Education Research and Behavioral sciences ,vol , 2 (10).

➢ Bowlby J (1951), **Maternal Care and Mental Health**, Geneva: World Health Organization, ISBN 978-1-56821-757-4, https://www.scirp.org/(S(351jmbntvnsjt1aadkozje))/reference/referencespapers.aspx?referenceid=2672899.

➢ Costa, PT, Jar , & Macro, R.R. (1992**, Revised NEO personality inventory (NEO-PL-R) and NEO five – factor inventory (NEO.FFL)** , psychological assessment Resources, https://www.researchgate.net/post/Where-can-I-find-this-reference-Costa-McCrae-NEO-PI-R-1992.

➢ Wan Shahrazad, W.S., Nor Bayah Abdul kadir, Fatimah Omar et Fatimah Wait Halima :( 2015**), Relationship among adolescents, Journal of social science and Humanities**, Bangui, Selangor, Malaysia, special Issue 2,55-64.

سەرچاوەی ئینتەرنێت:

➢ WWW// Aljazeera .net / Medan / Miscellaneous.

➢